## یەکەم هەموارکردنی یاسای ژمارە«۱»ی ساڵی۱۹۹۹ی سەندیکای ئەندازیارە کشتوکاڵییەکان

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیار :۱۱**
**مێژووی بڕیار:۱۹/٤/۲۰۰۰**

«بڕیار»

پشت بەو دەسەڵاتەی کە بەپێی بڕگە(۳)ی ماددەی(۲)لە یاسای ژمارە(۱۰)ی ساڵی۱۹۹۷پێمان دراوە و لەسەر ئەو بنەمایەش کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی رۆژی۱۹/٤/۲۰۰۰یدا یاساکاری کردووە، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەمان دا.

### یاسای ژمارە(۳)ی ساڵی (۲۰۰۰)
### یەکەم هەموارکردنی یاسای ژمارە«۱»ی ساڵی۱۹۹۹ی سەندیکای ئەندازیارە کشتوکاڵییەکان

**ماددەی یەکەم:**

ماددەی دوازدەمینی یاساکە، هەموار بکرێ، بەم شێوەیە بخوێنرێتەوە:

۱ـ دەستەی گشتی لە هەموو ئەندامانی سەندیکا، یابریکارەکان، کە بەپێی ئەم یاسایە ئیلتزاماتی خۆیان بەجێ هێناوە، پێکدێت. ئەم دەستە گشتییەش بە باڵاترین دەسەڵاتی سەندیکاکە دادەنرێ و، هەر «۳»ساڵیش جارێ لە مانگی کانونی دووەمدا کۆبوونەوەی گشتی ئاسایی خۆی لە بارەگای سەندیکاکەدا بە بڕیارێکی ئەنجومەن و لەسەر داواکردنی سەرۆکی سەندیکا«نەقیب»دەگێرێ، لەو کۆبوونەوەیەدا سەرۆکی سەندیکا«نەقیب» و هەشت ئەندام و دوو ئەندامی یەدەگیش بۆ ئەندامێتی ئەنجومەن و ئەندامانی

لیـژنەی «ئینزبات»هەڵدەبژێرێ و«نیـصـاب» یش بە ئامـادەبوونی زۆرینەی ئەندامە ناوتۆمارەکراوەکان، یا بریکارەکانی دێتە جێ و، ئەگەر نەشهاتە جێ، ئەوا، لەوبارەدا، دوای تێپـەڕبوونی پازدە رۆژ بەسـەر کـۆبوونەوەی یەکـەمدا هەڵبـژاردن لە هەمـان کـات و جـێگەدا ئەنجـام دەدرێ. «نیـصـاب»یش بە ئامادەبوونی سێیەکی ئەندامان، یا بریکارەکان، دێتەجێ و، ئەگەر نەشهاتە جێ، ئەوا، ئەنجومەنی پێشتر، بۆ خولێکیدیکەش بەردەوام دەبێ.

٢ـ ئەگـەر هات و، ژمـارەی ئەنـدامـانی سـەندیکا لە«٥٠٠»ئەندام زیاتر بوو ،ئەوا هەڵبـژاردنەکـە لە رێگەی بریکارەکـانەوە ئەنجـامـدەدرێ و، رێژەی نواندنیش لە لایەن ئەنجـومـەن، یان ئەوەی کـە فـرمـانی هەڵدەسـوڕێنێ، بە ئەندامانی ئەنجومەنی سەندیکاکەشەوە دیاری دەکرێ.

**ماددەی دووەم:**

وەزارەتە پەیوەندیدارەکان پێویستە حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە کار.

**ماددەی سێیەم:**

ئەم یاسـایە لەرۆژی بڕیار لەسـەر دانیـیـەوە دەخـرێتـە کـارو لە رۆژنامـەی رەسمیدا بڵاودەکرێتەوە.

**د. رۆژ نوری شاوەیس**

**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**